


**Erbil International Airport**

## " فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی هەولێرو ڤیزا و ئیقامە و شتی دیکەش ؟ ؟"

**فەخرەدین گەرمیانی – کوردستان**
20/09/2005

**خەونێکی لە مێژینەم بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاسانیی و بێ سەر ئێشە و سووکایەتیی پێکردنی " برا " تورکەکان سەفەرێکی کوردستان بکەم ! بۆیە شاگەشکە بووم کە دەنگۆی کرانەوەی هێڵـــی ئاسمانیی کوردستانم بیست و لە سەر ئینتەرنێت و سایتە کوردییەکان ئەو هەواڵەم بەرچاو کەوت، پێموایە ئەمەیان دەستکەوتێکە کە هەردوو حکومەتی هەرێم هەقی خۆیانە کە شانازیی پێوە بکەن و بە یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکانی بزانن ، سەفەر کردنی ڕاستەوخۆ بۆ کوردستان هەموو کوردێکێ لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان دڵخۆش و شادمان کرد ، ئێمە دەبێت بۆ پێشخستنی ئەو دەسکەوتە گرنگە ئاماژە بدەین بە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەو پڕۆژە پڕ لە بایەخە ، و دەستخۆشی لە هەموو ئەو بەڕێزانە بکەین کە بە هەر شێوەیەک بووبێت ئەو خەونەیان کردووە بە ڕاستیی ، ئەوەندە بەسە کە ئێستا بە ئاسانیی و بێ گرفت لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەینە کوردستان بێئەوەی تووشی هەزاران ناڕەحەتیی و شەڕەشەقێی بازگەو پۆلیسی سنووری تورک ببین ، ئەمە جگە لە خەرج کردنی پارەیەکی زۆر و کاتێکی درێژیشی بە فیڕۆ دەدا ، چونکە دەبوایە لە " دوبەی بچیتە ئیستانبول و دیاربەکر و پاشان بە ئۆتۆمبیل بەرەو سنوور و لەوێشەوە بۆ کوردستان ، ئێستا بە تەنها دوو کاتژمێرو نیو لە ئیماراتەوە دەگەیتە هەولێر، ئەمە بۆ ئێمەی کورد نیعمەتێکی بێهاوتایە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت پەنجە بخەینە سەر کەم و کورتییەکانیش تاکو بە هەوڵی هەموومان بەڕاستیی فرۆکەخانەکە بکەینە نێو دەوڵەتیی ، نەک تەنیا بە قسەو نووسینی ئەو دروشمە لەسەر باڵەخانەی فڕۆکەخانەکەو بەس...**

**پێمخۆشە باسێکی یەکەم سەفەرم بکەم لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانیی کوردستانەوە ، دەبوایە کاتژمێری 10 سەرلەبەیانیی فڕۆکەکە لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی دوبەی هەستایە بەڵام بۆ**

ماوەی سەعاتێک دواکەوت ئەمەیان هەرچۆنێک بێت ئاساییەو لە هەموو جێگایەک ڕوو دەدات بەڵام نابێت ببێتە کاری هەموو جارێک ، مەبەستم لەم کورتە نووسینە تەنها هەوڵدانێکە بۆ باشتر کردن و زیاتر ڕێکخستنی خزمەتگوزاریی مۆدێرن بەو کەسانەی کە ڕوو دەکەنە کوردستانی خۆشەویستمان بە هەر مەبەستێک بێت لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی زۆرم هەیە لە سەفەرکردن بۆ ماوەی زیاتر لە 15 ساڵ کە مانگانە زیاتر لە 2-3 سەفەر ئەکەم بە حوکمی کارەکەم ، بە دەیان فڕۆکەخانەم دیوە لە گەورەو بچووک بگرە تا دەگاتە فڕۆکەخانەی نێو جەنگەڵو بیابانیش ، خوانەخواستە مەبەستم کەمکردنەوەی بەهای ئەم پڕۆژە گرنگە کە لە مێژووی کورددا خەونمان پێوە دەدیت نییە ، هەمووومان دەزانین کە یەکەم بۆچوون لە لای گەشتیار لە فرۆکەخانەوە درووست دەبێت ئیتر چاک یان خراپ ، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد خۆزگە حکومەتی هەرێم و دەزگا پێوەندارەکان بە تایبەتیی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی کوردستان ئەم خاڵانەی خوارەوەیان بە چاکیی ڕەچاو دەکرد ، :-

1. وا باوە لە هەموو جیهاندا تاقمی فڕۆکەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و زمانی خاوەنی هێڵە ئاسمانییەکە قسە دەکەن و هەموو ڕێنمایی و ئاگەدارییەکان بە هەردوو زمانەکە بە سەرنشینی فڕۆکەکە ڕادەگەیەنن ، تاقمی فڕۆکەکەی ئێمە تەنها بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد ، ئیتر نازانم بۆ ؟

2. پاش دوو سەعات و نیو گەیشتینە "فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی ئەربیل " و ئەم تێبینییانەم لا درووست بوون ، لە هەموو فرۆکەخانەیەک " ئۆتۆمبیلی تایبەتی یان ئامێری بچووک هەیە کە "عارەبانەی تایبەتیی پێوە دەبەسترێت بۆ هێنانی جانتاو باری دیکە لە فڕۆکەکەوە بۆ هۆڵی پێشوازیی کردنی گەشتکاران ، ئەمەیان لە ئەربیل نەبوو بەڵکو کارمەندەکان بە پیاسە تاکە تاکە جانتاکانیان دەهێنا، کە بووە هۆی دواکەوتنێکی زۆر و نزیکەی 45 دەقیقەی خایاند تاکو بەکەماڵی ئیسراحەت جانتاکان گەیشتن...

3. ئێمە نزیکەی 60-80 کەس دەبووین کە ڕۆژی یەکشەممە 04-09-2005 گەیشتین و هەمووومان کە تێکەڵاو بووین لە ژن و پیاوو منداڵ پێکەوە ڕیزمان گرت تاکوو پاسپۆرتەکانمان مۆر بکەین ، کەس لاریی نەبوو لەوەی کە ڕیز بین و هەرکەس بە نۆرەی خۆی پاسپۆرتەکەی مۆر بکات ، بەڵام بە داخەوە یەکێک لە کارمەندەکانی فرۆکەخانەکە هاتوو لە ڕیزەکە کابرایەکی دەرهێناو بە پێش چاوی هەمووومانەوە ئەو کەسەی بەژێر پەتی ڕیزەکەیا بردە دەرێ ، کە پرسیمان لەبەر چی ئەو کارە دەکات لە وەڵامدا گوتی ئەوە (VIP) یە (Very Important Person) واتا " کەسایەتییەکی زۆر گرنگە " تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کابرایە ناسیاوی کارمەندەکە بوو هیچی تر ،

ئەمە شتێکی زۆر ناشیرین نەشیاو بوو ، ئێمە دەزانین لە هەموو فڕۆکەخانەیەکی ئاسایی و نێو دەوڵەتیی جێگەی تایبەت هەیە بۆ **VIP** کە جیایە لە تێرمینالی گشتیی و **VIP** لەو جێگە تایبەتییە دادەنێشی و کارمەندی بەشی پرۆتۆکۆلی فرۆکەخانەکە پاسپۆرتەکەی بۆ مۆر دەکەن بێئەوەی بە ڕێگەی خەڵکی ئاساییدا تێپەڕێت ، وا دیارە لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی ئەربیل هوڵی تایبەتیی بۆ **VIP** دروست نەکرابێت ؟؟ یان وا دیارە ئەو برادەرە وا بزانێت کە ئێمە نەزانین **VIP** مانای چییە ؟؟

4. کە گەیشتمە بەردەم کاونتەری کۆنترۆڵی پاسپۆرت ، زۆرم پێسەیر بوو کە کارمەندەکە گوتی کاکە دەبێت تۆ ڤیزا وەرگریت یان ئیقامەت هەبێت ، چونکە پاسپۆرتەکەت ئێراقیی نییە !! ئەمەیان سەیرو سەمەرەترین شتە تاکو ئیستا بەرگوێم کەوتبێت ؟ گوتم براگیان (من کوردم و خەڵکی کوردستانم ) چۆن ئەبێت تۆ لە هاوڵاتیی خۆت داوای ڤیزە یان ئیقامە بکەیت ؟ با پاسپۆرتی بیانیشم پێبێت ؟ لە وەڵامدا فەرمووی (کاکە ئەوە تەعلیماتە و ئەگەر وا نەکەی لە گەڕانەوەدا گرفتت بۆ درووست دەبێت) ؟؟ پرسیم چۆن ڤیزا یان ئیقامە وەرگرم ؟ لە وەڵامدا گوتی برۆ موراجەعەی دائرەی جەوازات بکە ... هەرچەندە بە هیچ جۆرێک قەناعەتم بەم شتە نەبوو بەڵام بۆ تاقیکردنەوە چوومە دائرەی جەوازات و پێمگوتن کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر داوای ڤیزا/ ئیقامەم لێدەکەن ، لەدائرەی جەوازاتیش گوتیان کاکە برۆ بۆ ئاسایشی گشتیی بۆ بەشی ئیقامە... چووم بۆ ئاسایشی گشتیی و لەویَ چووم بۆ بەشی ئیقامە ، ئەو کەسەی کە لەبەر دەرگای ئیقامە ڕاوەستابوو پرسیی ، کاکە چیت دەویَ ؟ گوتم براگیان بەڕاستیی من نازانم چیم دەوێت ! تەنیا لە فرۆکەخانەی هەولێر دەڵێن دەبێت یان ڤیزا یاخود ئیقامە وەرگریت ، ئەو برادەرە بێئەوەی بهێڵێت بچمە ژوورەوە تاکو تێبگەم چ پێویستە بیکەم ، خۆی گوتی (مامۆستا 3 ڕسم بێنەو لاپەڕەی یەکەمی پاسپۆرتەکەت و لاپەڕەی ختمەکەت ئیستینساخ بکەو پێش هەفتەیەک لە سەفەرەکەت وەرە من ئیقامەت دەدەمیَ) لێرەدا من دەپرسم (ئیقامەی چی ؟ ئیقامە بۆ ؟) کە من هاتمە ناو وڵاتەکەوەو مامەوە ، ئیتر بۆ هەر ماوەیەک بوو پاش ئەوە چ پێویست بە ئیقامە دەکات ؟؟ لە هەموو دونیادا ڤیزا یان ئیقامە دەبێت پێش هاتنە ژوورەوەی وڵاتەکە وەرگیرابێت نەک پاش "داخل" بوونی وڵاتەکە !! ئەمەیان پێویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت ، ئەگەر نا دەبێتە مایەی سەرسووڕمانیی هەموو کەسێکی کورد کە سەردانی کوردستان بکات ؟؟؟؟ ، باشە کەس هەیە لە وڵاتەکەی خۆی داوای ڤیزا یان ئیقامەی لێبکرێت ؟؟ *ئەگەر بۆ مەسائلی ئەمنی بێت ، ئەوە ڕەوایە بگوترێت (کاکە بۆ هەندیَ مەسەلەی تایبەتیی ئەمنیی تکایە سەردانی ئاسایش بکەو ئیستمارەی ئەمنیی تایبەت هەیە پڕی بکەوە) نەک بڵێن دەبیَ ڤیزاو ئیقامە وەرگریت با کوردیش بیت چونکە پاسپۆرتی بیانیت هەیە ؟* خۆ ئەگەر

**مەسەلەی تەعلیمات بێت ئەوە ئەو تەعلیماتە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە چونکە لە دەستووریشدا ئەوە هاتووە کە هەموو هاوڵاتییەکی ئێراقی بۆی هەیە هەڵـگری 2 رەگەزنامە بێت و هاوڵاتی دوو وڵاتی جیاواز بێت...**

5. **پێش هەموو شتێک دەبێت لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بیر لە خزمەتگوزاریی بکرێتەوە چونکە سیمای شارستانیی هەر وڵاتێک بە چەند شێوەیەکی خزمەتگوزاریی بەستراوەتەوە کە گرنگترینیان شێوەکانی گواستنەوەو ڕێگاوبانن ، ئەوەی سەرنجی من و ئەو دوای خەڵکەکەی ڕاکێشا نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەک بوو لە فڕۆکەخانەکە ، ئاخر چۆن دەبێت ئەو هەموو خەڵکەی کە چاوەروانی کەس و کاریان بوون لەبەر ئەو هەتاوە و لە ناو ئەو تەپوتۆزو خۆڵەدا بۆ ماوەی چەندین سەعات چاوەروان بن ؟؟ ئەو هەموو خەڵکە لە گەرماو لە تینووا لە بەر ئەو هەتاوە گەرمەدا پڕووکابوون ، ئێمە شەرمەزاربووین کە ئەو هەموو ئازارەمان پێگەیاندن چونکە ناچار بوون بۆ چەندین کاتژمێر چاوەروانی گەیشتنی ئێمە بن بێئەوەی قوومە ئاوێک هەبێت بۆ خواردنەوە یان سێبەرێک هەبێت لەو گەرمایە بیانپارێزێت ؟؟ ئەگەر تێرمیناڵەکە و جێگەی حەوانەوەی خەڵکەکە تەواو نەبووە ، دەبوایە فڕۆکەخانەکە نەکەنەوە چونکە دەبێتە هۆی بێزاریی و کەم کورییەکی زۆر ، بۆیە هەرچی زووە دەبێ پەلە بکرێت لە تەواوکردنی ئەو کەم و کورتییانە.**

**بۆ چارەسەر کردنیی ئەو خاڵانەی سەرەوە ، وا لە خوارەوە ئەم پێشنیارانە دەخەمە بەردەستی بەرپرسان بە هیوای ئەوەی بە زووترین کات خەمێکی لێبخۆن لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا:**

1. **ئەگەر هیچ مەسەلەیەکی سیاسیی لە پشتەوە نەبێت ، تەنیا گرفتی تەکنیکی بێت ، دەبێت هەموو ڕاگەیاندن لە ناو فڕۆکەدا بە هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی بێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆمپانیای هێڵی ئاسمانیی کوردستان چەند کارمەندێکی لێهاتووی زیرەک ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکات بۆ فێرکردن و مەشق پێکردنیان چ لە بواری خزمەتگوزاریی فڕین یان بەشە جیاجیاکانی ناو فڕۆکەخانە وەک (کۆنترۆڵ ، بارکردن و بارداگرتن ، ئاسایشی فڕۆکەخانەو پشکنین ، چاودێری کردنی تێرمیناڵ و بەشەکانی دیکەش).**

2. کڕینی چەند ئامێرێکی تایبەت بە گواستنەوە وەک ( عارەبانەی گواستنەوەی جانتاو شت و مەک ، Trolley بۆ ئاسانکردنی گواستنەوە لە هۆڵی گەیشتن بۆ دەرەوەی تێرمینالً بۆ هەردوو بەشی گەیشتن و ڕۆیشتن) ئێستا هەفتەی 2 فڕۆکە دێت و دەڕوات حاڵەکە وایە ئەی ئەگەر ژمارەی فرۆکە زیاد بکات و ببێتە رۆژانە دەبێت چ فەوزایەک درووست بێت ؟؟.

3. هەقوایە حکومەتی هەرێم ڕێنمایی توند دەربکات و ڕێگە نەدەن بە کارمەندانی فڕۆکەخانەکە بە کەیفی خۆیان هەرکەسێک کە خۆیان ئارەزوو بکەن بە بەهانەی ئەوەی کە فلانە کەس گوایە VIP یە بە بەرچاوی خەڵکەوە لە ڕیزی خەڵکەکە بیهێننە دەرەوە ، چونکە دەبێتە هۆی بێزاریی و متمانەی خەڵک کەم دەکاتەوە ، پێویستە جێگەی تایبەت درووست بکرێت بۆ VIP .

4. من نازانم لەسەر چ بنەمایەک داوای ڤیزەو ئیقامە لە کورد دەکەن ؟ لە هەموو جیهاندا ڕووینەداوە وڵاتەکەی خۆت داوای ڤیزە یان ئیقامەت لێبکات ! ئەگەر مەسەلەکە پێوەندیی بە ئاسایشەوە هەیە ئەوە خۆ زۆر ئاسانە ، ئەوەش بە دانانی تۆڕێکی کۆمپیوتەر لە سەر کاونتەری کۆنترۆڵی پاسەپۆرت و دەکرێت ببەسترێتەوە بە دەزگا پێوەندارەکانی ئاسایشەوە بەو بابەتە زانیاریی دەربارەی هەرکەسێک دێتە کوردستان یان لە کوردستان دەڕواتە دەرەوە دابین بکرێت ، بە ڕێگایەکی دیکەش ئەوە دەکرێت کە کارتی تایبەتیی (هاتن و ڕۆیشتن) Arrival & Departure Cards (بە هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی بنووسرێت ) درووست بکرێت کە هەموو زانیارییەکانی تێدابێت ، هەر کەسێک کە دەگاتە فرۆکەخانەکە یان دەڕوات دەتوانێت ئەو کارتە پڕ بکاتەوە ، بەو چەشنە دەتوانرێت هەموو زانیارییەک لەو کارتانەدا دەربارەی ئەو کەسە هەبێت ، ئەم سیستەمە لە زۆربەی فرۆکەخانەکانی جیهاندا پێڕەو دەکرێت. هەروها دەبێت ئامێری ئەشعە X Ray Scanning Detective بۆ پشکنینی جانتای گەشتیاران بهێنرێت، ئیتر پێویست بە کردنەوەی جانتای کەس ناکات تەنیا لە حاڵەتێک کارمەندەکە شک بکات کە ئەو جانتایە شتێکی گومانلێکراوی تێدایە.

5. پێویستە بە زووترین کات جێگەی حەوانەوە درووست بکرێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە دێنە فرۆکەخانەکە بۆ پێشوازیی کەس و کاریان یاخود بۆ بەڕێکردنیان ، لەو جێگایەشدا دەکرێت (ساردەمەنی و ساندویچ و خواردنی سووک ) دابین بکرێت و بە نرخێکی هەرزان بفرۆشرێت ، جگە لەوانە دەکرێت کە (دوکانی بچووک ، کیوسک لە چەشنی کابینە) درووست بکرێت کە شت و مەکی کوردەواریی و فلکلۆری بفرۆشێت و

ئەگەر کرا (Duty Free) دابنرێت چونکە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیی بەبێ ئەوانەی سەرەوە تەواو نییە .

.لە کۆتاییدا هیوادارم کە توانیبیتم بەشدارییەکی بچووکم کردبێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم پڕۆژە گرنگە و بە هەموومان بتوانین فڕۆکەخانەی  نێو دەوڵەتیی ئەربیل بکەینە نێو دوڵەتیی ڕاستەقینە.